## فەوتانی ژیان لە دوورگەی ئۆستر دەبێ دەرسێکی پڕ لە ئەزموون بێ بۆ مرۆڤی ئەوڕۆیی

لە سەردەمی کۆن و لەسەر دوورگەیەکی زەوی کۆمەڵێك مرۆڤ ژیاون کە وەچەی خۆیان بەهۆی بەهەدەردانی ماکە سرووشتیەکانی دوورگەکە، لەناو بردووە. ئەو کۆمەڵە لەسەر دوورگەیەکی بەتەنیا هەڵکەوتووی ئەم پلانیتە لە ناوەڕاستی ئوقیانووسی ئارام ژیانیان کردووە و زیاتر لە ٢٠٠٠ کیلۆمیتر دوورتر لە دوورگەی دواهینی جێی ژیانی مرۆڤ و ٤٠٠٠ کیلۆمیتر لە باشووری قوڕنەی ئەمریکا دوور بوون. ئەو دوورگەیە ساڵی ١٧٢٢ لەلایەن هولەندییەکانەوە دۆزراوەتەوە و ناوی دوورگەی "ئۆستر" یان لەسەر داناوە چونکە ڕۆژی جێژنی پاك "Ostersonntag" کە جێژنێکی ئایینی مەسیحییە و لەو ڕۆژە یەك شەممۆیەی مانگی ئابریلدا دەبێ مەسیح زیندوو بووبێتەوە. خەڵکی سەر ئەو دوورگەیە ژیانیکی گەلێك باش و ئارامیان بووە. ژیانیکی ئاساییان کردووە و ژمارەی دانیشتوانیان بەرە بەرە زۆرتر بووە. بۆ ئەوەی جێی کافیان بۆ وەرزێری هەبێ داری لیرەوارەکانیان بڕیوەتەوە.

هەر وەك لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی سەرزەوی بۆ مرۆڤ باوە، بە زوویی تاقمێك ئاغا و حاکم بەسەر زۆرینەی وەرزێردا حوکوومەتیان کردووە. حاکمان بە پێی کات کولتورێکیان پێك هێناوە کە وەرزێران هەستیان کردووە لە لایەن حاکمانەوە بەردەوام چاوەدێری دەکرێن. بە ئەمری ئاغاکان لە دەوروبەری دوورگەکە چەندین مجەسەمەی مەزن ساز کران کە هەموویان لە بەردی قورس و قایم سازکرابوون. مجەسەمەکان ڕوویان لە زەریاکە نەبوو، ئەوان ڕوویان لە وەرزێرانی سەر مەزراکان بوو و وێدەچوو کارگەرەکان چاوەدیری دەکەن.

بۆ ماوەیەکی زۆر واتە لە ساڵی ٥٠٠ دوای زایینەوە هەتا ١٥٠٠ دوای زایین توانیویانە بەختەوەرانە بە بێ بوونی دوژمن و شەڕ و کێشە لەو

دوڕگەیە درێژە بە ژیانیان بدەن. بۆ مرۆڤی ئەوڕۆیی وەك پەرجۆیەكی لێ هاتووە كە بە بی كەڵك وەرگرتن لە چەرخ و بە بێ ئاژەڵی باركێش چلۆن توانیویانە ئەو مجەسەمە قورسانە ئاڵ و گۆر پێ بكن و دایانمەزرێنن؟ بە پێی زانیاریی زانایان تا ساڵی ١٥٠٠ زایینی دەبێ نیزیكەی ١٥ هەزار مرۆڤ لەسەر ئەو دوڕگەیە ژیانیان كردبێ و كانیە سرووشتییەكانی ئەو سەردەمە توانیبێتیان تەنانەت تا ٢٠ هەزار كەسیش بەخێو بكەن. دواتر دەبێ بەها و گرنگایەتی كانیە سرووشتیەكان لە دەستیان دەرچووبێ. لە دوڕگەیەكی ئاوا بچووكدا دەبێ هەموویان هەستیان بە كەمبوونەوەی ماكە سرووشتییەكان كردبێ، بەڵام تا بڕینەوەی هەموو دارەكان دەستیان لە تووناكردنی هەڵنەگرتووە و بوونەتە هۆی برسی كردنی خۆیان و كاتێ كێشەی برسیەتی بە لووتكەی خۆی گەییوە، دژ بە حاكمانی دوڕگەكە شۆڕشیان كردووە. مجەسەمەكانیان لێ ڕووخاندوون، حاكمانیان كوشتووە و تەنانەت بە هۆی برسیەتی یەوە گۆشتەكەیان خواردوون. كانیبالیزم یاخود گۆشتی مرۆڤ خواردن تێیاندا بووە بە باو و وردە وردە دەستیان بە خواردنی گۆشتی مرۆڤ كردووە. زۆربەی مرۆڤ لە برسانە مردوون و بە پێی كات وەچەیان توونا بووە و تاقە كەسێكیان گیانی سالمیان بەدەر نەبردووە.

پلانێتی زەویش خۆی وەك دوڕگەیەكی بچووك وایە. ئەویش بەهۆی ئۆقیانووسێكی مەزن واتە گالاكسی دەور و بەری گیراوە. یەكەم تووناكاریی و كاولكارییەكانی ماكە سرووشتییەكان بۆ پێكهێنانی نوێسازی و مودێڕنییەت دەمێكە دەستی پێكردووە و زۆر بە باشی درێژەی هەیە. پلانێتەكە گەلێك مەزنتر لە دوڕگەی ئۆسترە و مرۆڤ ناتوانێ ببینێ كەنگێ و لە كوێ داری كۆتایی دەبڕدرێتەوە. بەداخەوە مەترسی تووناكردنی زەوی بە دەستی خودی مرۆڤ بە هۆی نەبوونی زانیاری مرۆڤی سەر پلانێتەكە لەسەر ئەو كێشە مەزنە، نیزیك بۆتەوە. سووتمان و ووزەی كافیش لەمڕۆدا بەدەستەوە نییە كە مرۆڤ بتوانێ خۆی بۆ پلانێتێكیتری گالاكسی لێ دەرباس كا!

درێژەی هەیە ...